
# رۆژمێرێک لەسەر ماڵپەڕەکەت دابنێ

چەندە خۆشە کە ڕۆمێرێکی تایبەت بە خۆت یان شیرکەتەکەت لە سەر تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت  و لە شێوەی html دا بڵاو بکەیەوە، مەگەر نە؟

پرۆگرامێک کە یارمەتیت دەدا بۆ ئەم کارە ناوی Wed Cal Plusە و دەتوانی بە خۆڕایی لەم ناونیشانەوە http://download.com دایبەزێنی...


قۆناخی ١: ستارتی پرۆگرامەکە

پاش ئەوەی پرۆگرامەکەت لە سەر تۆڕی ئینترنێتەوە دابەزاندە نێو کامپیۆتەرەکەت دەبێ Installی بکەی و پرۆگرامەکە ستارت بدەی و لە فایلە سەرەکیەکانی پرۆگرامەکەدا یەک ریز فایل دەردەکەون کە هەموو کارەکەت بۆ دەکەن.





قۆناخی ٢: رۆژانی پشوو

بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر رۆژانی پشوو بدەی دەبێ، کرت (کلیک) لە سەر دوکمەی Holidays لە نێو دوکمەکانی سەرەوەدا بکە. کرت لەسەر دوکمەی International بکە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوەی بدەی کە ڕۆژمێرەکەت بە زمانی چ نەتەوەیەک بێ. [بەداخەوە کوردی تێدا نیە] پاشانیش کرت لەسەر Ok بکە. لێرەدا چیت پێخۆش بێ، بە مەیلی خۆت دەتوانی بیگۆڕی و هەر کاتێک رازی بووی کرتێک لەسەر Close بکە.



قۆناخی ٣: ڕێکخستنی پرۆگرام

کـرت لەسـەر دوکمـەی Settings بکـە بـۆ ئـەوەی ڕۆژمـێرەکەت بڕازێنیـتەوە. چوارچـێوەیەک دەکرێـتەوە و سـێ دوکمـەی تـێدایە. بـەو دوکمەیـە دەسـت پـێ بکـە کـە لەسـەری نووسـراوە Program settings، لـێرەدا بـۆ خۆت بڕیار دەدەی چ پارامیترێک بگۆڕی، بەڵام باشتر وایە ئەو بەشـەی کـە پـێوەندی بە دەستپێکی حەوتووەکانەوە هەیە دەستی لێ نەدەی و حەوتووەکان هـەر وەکوو جاران بە ڕۆژی دووشەممە دەست پێبکەن و ڕۆژانی پشووش هەر بە ڕەنگی سوور دیاری بکرێن باشە. پاش ئەم کارانە کرت لەسەر Ok بکە.




قۆناخی ٤: بڕیار دان لەسەر زمان

کـرت لەسـەر دوکمـەی Language settings بکـە، دەبـینی کە ناوی مانگ و ڕۆژەکانی حەوتوو خـێرا وەرگـێڕدراونەتە سـەر زمـانی ئەو نەتەوەیە کە تۆ پێشتر لە قۆناخی ٢ دا بڕیارت لەسەر دا. بـەڵام لـە لاپـەڕەی Other دا چـەند شـوێن ماونەتـەوە کـە دەبـێ خـۆت وەریانگـێڕی و پڕیانکەوەوە. لە کۆتایدا بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکانت پاشەکەوت بکەی دەبێ کرت لە Ok بکە.




قۆناخی ٥: رازانەوەی رۆژمێر


بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەی دەبێ کرت لەسەر دوکمەی Calender settings بکەی. لێرەدا نۆ شوێن هەن کە دەتوانی بە دڵخوازی خۆت بیانگۆڕی، ئەم شوێنانەش لە سەردێڕ، لوگۆ، شێوەی خەت، ڕەنگ و زۆرشتی دیکەن پێک هاتوون. لە لاپەڕەی Logo دا دەتوانی وێنەیەکی دڵخوازی خۆت لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژمێرەکەت دا دابنێی و هەر کاتێک رازی بووی کرتێک

لەســــــەر Ok بکـــــە و دوایـــــش کرتـــــێک لەســــــەر Close بکــــــە.




قۆناخی ٦: ڕۆژە تایبەتیەکان

لـەم قۆناخـەدا ڕووداوەکـان و تایـبەتمەندیی ڕۆژەکـان کـە پـێوەندیان بـە چ ڕۆژێکـەوە هەیـە، دەنووسـی. ئەگـەر ڕۆژێکـت لـە بـیر چـوو دواتـر دەتـوانی بگەڕێیەوە و پـێی زیـاد بکـەی. لـە ڕۆژمـێری لای چـەپدا کـرت لـە سەر ئەو ڕۆژە بکە کە تێیدای. پاشان کرت لەسەر نیشانەی کۆ (+) کـە لـە لای ڕاسـتەوە هەڵـکەوتووە، بکـە. کـە ئـەم کـارەت کـرد، چوارچێوەیەکـت بـۆ دەکرێـتەوە و لـەوێدا دەتوانی بە کەیفی خۆش چت پێخۆشە بینووسی و دوایش کرتێک لەسەر Ok لێدە.




قۆناخی ٧: چاو لە ڕۆژمێرەکەت بکە

کاتێک هەموو ڕووداوەکانت نووسین، دەتوانی چاو لە ڕۆژمێرەکەت بکەی. کرت لەسەر Create کە لە نێو فایلەکانی سەرەوەدا هەڵکەوتووە بکە. کە هەمووی خوێندەوە، کرت لەسەر دوکمەی تەنیشتی، واتە Launch بکە. ئەمجار ڕۆژمێرەکەت لە پرۆگرامی ڤێب خوێنەرەکەت دا پیشان دەدەرێ. ئێستا ئەگەر سەردێری یەک مانگ لێدەی، ڕۆژمێری ئەو مانگە ئاکتیڤ دەبێ. دیارە سەردێرێکی هێڵ لە ژێر دراو، گرێ Link دراوە بە ڕووداوەکانی ئەو مانگەوە. ئێستا ئیتر ڕۆژمێرەکە ئامادەیە و دەتوانی لە پرۆگرامی ڤێب خوێنەرەکەت یان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێر چاوی لێ بکەی! ئەگەر شتێکی نوێ ڕووی دا، ئەوا وەکوو پێشوو دەتوانی بە ڕووداوەکانی ڕۆژمێرەکەتی زیاد بکەی. پاش هەر گۆڕانکارییەک کرت لە سەر Create بکە، کە ئەم کارەشت کرد هێندێک فایلی دیکەت بۆ دروست دەبن کە ئەوانیش دەبێ لە سەر ئینتەرنێت دابنێی.



سەرچاوە: گۆڤاری PC hemma ژمارەی ٨ ساڵی ٢٠٠٢

وەرگێڕانی حامید درودی

٢٠٠٢/٨/١٠